
# پێویستیت بە ناسنامەی وێنەدارە
# بۆ دەنگدان لە وێستگەی دەنگدان



## جۆرەکانی ناسنامەی وێنەدار کە لە بنکەکانی دەنگدان پەسەند دەکرێن لە ڕۆژی پێنجشەممە 2024-05-02 دا

- پاسپۆرت
- مۆڵەتی شۆفێری وێنەدار (بە مۆڵەتی شۆفێری کاتیشەوە)
- باجێکی شین
- بەس پاسی بەساڵاچوان
- بەس پاسی کەسانی کەمئەندام
- پاسی ئازادی (فریدەم پاس)
- کارتێکی ناسنامە کە هۆلۆگرامی بەرنامەی ستانداردەکانی بەڵگەی سەلماندنی تەمەنی پێوە بێت (کارتی پاس)
- بەڵگەنامەی بایۆمیتریکی کۆچبەری
- فۆڕمی وەزارەتی بەرگری 90 (کارتی ناسنامەی بەرگری)
- کارتی ناسنامەی نیشتمانیی کە لەلایەن دەوڵەتێکی ناوچەی ئابوری ئەوروپاوە دەرکرابێت

کارتی ناسنامەی پەسەندکراو ئەگەر بەسەریشچووبێت تۆ هێشتا هەر دەتوانیت بەکاری بهێنیت، بەو مەرجەی کە هێشتا لەخۆت بچێت.

ناوی سەر کارتی ناسنامەکەت دەبێت هەمان ناو بێت کە تۆ بۆ ناوتۆمارکردن بۆ دەنگدان بەکارت هێناوە.

لەبیرت بێت ڕێگەی تریش هەیە بۆ دەنگدان.

ئەگەر حەز دەکەیت بە پۆستدا دەنگ بدەیت دەتوانیت داوای دەنگدان بە پۆست بکەیت.

**تەواوی وردەکارییەکان:**
**www.sandwell.gov.uk/voterID**

## ناسنامەیەکی وێنەداری بێ بەرامبەر بەدەست بهێنە ئەگەر نیتە

**لەسەر ئینتەرنێت: www.sandwell.gov.uk/voterID**

**تەلەفون بۆ هێڵی یارمەتی دەنگدەر بە ژمارە 0121 569 6999 یان تیمی دەنگدان بە ژمارە 0121 569 3244 بکە.**

**بچۆ بۆ هەر کتێبخانەیەکی ساندوێڵ یان تەلاری ئەنجومەنی شارەوانی ساندوێڵ لە ئۆڵدبری بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی بۆ داوا پێشکەشکردن بۆ بڕوانامەیەکی ڕێگەپێدانی دەنگدەر.**

Sandwell
Metropolitan Borough Council

**دوامۆڵەت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ڕێگەپێدانی بێ بەرامبەری دەنگدان بۆ دەنگدان لە وێستگەی دەنگدان لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکانی مانگی پێنجی 2024دا کاتژمێر 5 ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە 24ی مانگی چوارە.**

# گۆڕانکاری گرنگ
# بۆ دەنگدان بە پۆست





**تۆ ئێستا دەتوانیت لەسەر ئینتەرنێت داوا بۆ دەنگدان بە پۆست پێشکەش بکەیت - تۆ تەنها پێویستیت بە ژمارەی دڵنیایی نیشتمانی (ناشناڵ ئینشورانس نەمبەر) ی خۆت دەبێت**

بچۆرە سەر **www.sandwell.gov.uk/postalvote**
بۆ وردەکارییەکان و داوا پێشکەشکردن هەتا کاتژمێر
5 دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە 2024-04-17.



**تکایە دەنگدان بە پۆستی خۆت لەڕێگەی پۆستەوە بگێڕەرەوە.**
**ئەوە ئاسانترین ڕێگەیە بۆ گێڕانەوەی دەنگەکەت.**



**پەیڕەوکردنی ڕاسپاردنەکان بکە لە بەستەی دەنگدان بە پۆستدا و هەتا کاتژمێر 10 شەو لە ڕۆژی دەنگدان (ڕۆژی پێنجشەممە 2024-05-02) بیگێڕەرەوە بۆ ئێمە.**

## ئەو گۆڕانکاریانەی کە دەبێت ئاگادار بیت لێیان بۆ تاووتوێکردنی دەنگدان بە پۆست

ئەگەر دەنگەکەت بە پۆستدا نەگێڕیتەوە بۆ ئێمە، **گۆڕانکاری گرنگ** هەیە کە دەبێت ئاگاداریان بیت سەبارەت بەوەی کە یەک کەس دەتوانێت **چەند دەنگدان بە پۆست** تەسلیم بکات.

گۆڕانکاری لە یاسادا واتە ئەگەر تۆ دەنگدان بە پۆست لە وێستگەی دەنگدان یان لە تەلاری ئەنجومەنی شارەوانی ساندوێڵ تەسلیم بکەیت، **تۆ دەبێت فۆرمێک پڕ بکەیتەوە.**

**تۆ ناتوانیت زیاتر لە پێنج بەستەی** دەنگدان بە پۆست لە خەڵکانی تروە تەسلیم بکەیت (تەسلیمکردنی پێنج بەستە و بەستەی دەنگدان بە پۆستی خۆیشت ڕێگە پێ دراوە).

**نابێت بە هیچ جۆرێک دەنگدان بە پۆست بخەیتە ناو سندوقی پۆست** لە تەلاری ئەنجومەنی شارەوانی، چونکە ئەوە هیچی دیکە پەسەند ناکرێت.

**تەواوی وردەکارییەکان:**
**www.sandwell.gov.uk/postalvote**

Sandwell
Metropolitan Borough Council